سەید حەکیم رەتی مەژووی هەزەکان لە پاپشتی کردنی حکومەتی عیراقی دووپات دەکاتەوە



لەپارێزگای موسەننا لە میوانخانەی شێخ عەباس ئال سخیل، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم چاوی بە کۆمەڵێك شێخ و پیاوە دیارەکانی پارێزگایەکە کەوت، لەم دیدارە سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە مەژوو لەگەڵ زۆر لەو هەزانە کیان دەکاتەوە لە زۆر ویستگەی مەژووییدا و ئەوان بەلانسکی نیشتمانی چەسپاویان هەیە و ئاماژەی کرد کە ئەو قەیرانانەی عیراق پێیدا تێپەڕە دەبێت ڕۆمی سیاسی زیاتر چەسپاندەو و خواستەکانی بە هەڵوەستی نیشتمانی گەیوە.

لەسەر ئاستی حکومەت، بەڕێز حەکیم هیوای خۆی دەربڕی کە بەزووترین کات کابینەکە تەواو بێت، هەوڵەها جێختی لەوە کردەوە کە هەوتی حیکمە بە پشتبەستن بە قەناعەتی خۆی لە لەهاتوویی و تواناکانی و بە دڵسۆزی بە پارێزگاری موسەننا، پرۆفیسۆر فالیح ئەلساری بە پەستی وەزارەتی دارایی کاندید کردووە.

لە کۆرتی ئابووریشدا ئاماژەی بەوەدا کە عیراق بەهەی دابەزینی هەناردەکردنی و کەمبوونەوەی داهاتی دارایی، کاریگەری پێشهاتە خراکانی ناوچەکەی لەسەر زیاد بووە، بەڵام متمانەی تەواوی خۆی بە توانای عیراق دەربڕی بە تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە.

سەبارەت بە سیاسەتی دەرەوە، بەڕێزیان داوای کەمکردنەوەی گرژییەکان لەگەڵ کەمەگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی کرد، جێختیشی لەوە کردەوە کە قەناغی ئێستا پێویستی بە هەماهەنگی کاریگەری پێوەندییە گشتییەکان هەیە بە گەڕاندنەوەی شتەکان بە ڕێچکەی ئاسایی خۆیان، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە هەبژاردنی ئەلزەیدی لە وەڵامدا بوو بە ئاستەنگی ئابووری و دیپلۆماسیەکان لە یەی کاتدا.

بەڕێز حەکیم لە کۆتاییدا جێختی لەوە کردەوە کە ناکۆکییە سیاسییەکان لە عیراقدا لە چوارچێوەی سیاسی و یاسایی خۆیاندا ماونەتەوە، ئەمەش بە پشکۆتنێکی بەرچاو و گرنگ لە دیمەنی سیاسی عیراقدا وەسف دەکرێت...